عەمار حەکیم گەیشتە هەولێری پایتەخت و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

شەوی دووشەممە، ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ و فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئومەد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، پێشوازییان لە عەمار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی عێراق و و فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

وا بەیارە ئەمە سەشەممە لە سەردانێکیدا بە هەولێری پایتەخت، سەبارەت بە چەند پرسێکی نێو گەڕەپانی سیاسی عێراق، دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان ئەنجامبدات.